دەربارەی شتێکی گەورە پرسیارت کرد، وئاسانە لە سەر ئەو کەسەی خودای گەورە بۆی ئاسان کردووە

لە موعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، کردەوەیەکم پێ بڵێ کە ببێتە هۆی چوونە بەهەشت وڕزگار بوونم لە دۆزەخ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «دەربارەی شتێکی گەورە پرسیارت کرد، وئاسانە لە سەر ئەو کەسەی خودای گەورە بۆی ئاسان کردووە، خودای گەورە دەپەرستیت وهیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نادەیت، ونوێژەکان ئەنجام دەدەیت، وزەکات دەدەیت، وڕەمەزان بە ڕۆژوو دەبیت، وحەجی ماڵی خودا دەکەیت»، پاشان فەرمووی: «ئایا دەرگاکانی ئەنجامدانی خێرت پێ نیشان بدەم؟ ڕۆژووگرتن پاڕێزەرە (قەڵغانە)، وخێر کردن تاوانەکان دەکوژێنێتەوە هەروەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە، وشەو نوێژکردن لە تاریکایی شەودا، پاشان ئەم ئایەتانەی خوێندنەوە: ﴿تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمۡ عَنِ ٱلۡمَضَاجِعِ يَدۡعُونَ رَبَّهُمۡ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ (16) فَلَا تَعۡلَمُ نَفۡسٞ مَّآ أُخۡفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعۡيُنٖ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ(17)﴾ [السجدة] واتە: {تەنیشتیان دوور دەکەوێتەوە لە جێگای خەوتنیان (واتە: لە خەو هەڵدەستن بۆ شەو نوێژ کردن) هاوار ونزا لە پەروەردگاریان دەکەن بە ترس وهیواوە و لەو ڕۆزی و سامانەی پێمان دراوە دەبەخشن (16) پاشان کەس نازانێت چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشت دا کە هۆی) گەشبوونی چاوەکانن ئەم پاداشتە (دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردوویانە(17)}، پاشان فەرمووی: «ئایا هەواڵت پێبدەم بە سەری ئەم ئاینە وپایەکانی ولوتکەکەی؟»، ووتم: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: «سەری ئەم ئاینە ئیسلامە، وپایەکانی نوێژ کردنە، ولوتکەکەی جیهادە». پاشان فەرمووی: «ئایا هەواڵت پێبدەم بە جڵەوگیری هەموو ئەوانە؟»، ووتم: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا! زمانی گرت وفەرمووی: «ئەمەت بگرەوە»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا لێپرسینەوەمان لێدەکرێت وسزا دەدرێین لە سەر ئەوەی کە دەیڵێین؟، فەرمووی: «لەبار دایکت چویتایە، خەڵکی لە سەر ڕوومەتیان یان لە سەر لوتیان فڕێ دەدرێنە ناو دۆزەخەوە مەگەر بە هۆی زمانیانەوە نەبێت!».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە]

موعاز -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەل پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووم لە سەفەرێکدا، بەیانیەکیان لە نزیکیەوە ڕێم دەکرد، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، کردەوەیەکم پێ بڵێ ببێتە هۆی ئەوەی بچمە بەهەشت ودوور بم لە دۆزەخ، فەرمووی: پرسیارت کرد دەربارەی کردەوەیەکی مەزن کە کردنی قورسە لەسەر نەفسەکان، وئاسانە لەسەر ئەوەی خوای گەورە بۆی ئاسانی کردبێت؛ فەرزەکانی ئیسلام جێبەجێ بکە: یەکەم: بەتەنها اللە بپەرستە وبە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ بڕیار مەدە. دووەم: پێنج نوێژە فەرزەکە ئەنجام بدە لە ڕۆژ وشەوێکدا: بەیانی، ونیوەڕۆ، وعەسر ، ومەغریب، وعیشا، بە مەرج وپایە و واجبەکانی. سێیەم: زەکاتی فەرزکراو جێبەجێ بکە، ئەمیش پەرستێکی دارایی واجبە لە هەموو ماڵێك کە گەیشتبێتە پرێکی دیاریکراو لە شەریعەتدا، ودەدرێت بە ئەوانەی شایستەن. چوارەم: ڕەمەزان ڕۆژوو بگرە، ئەمیش بریتیە لە خۆگرتنەوە لە خواردن وخواردنەوە وشتی تر کە ڕۆژوو دەشکێنن وبە نیەتی پەرستن ئەم کارە ئەنجامدەدرێت، لەکاتی دەرچوونی بەرە بەیانەوە هەتاوەکو ئاوابوونی خۆر. پێنجەم: حەج ئەنجام بدە بۆ ماڵی خودا لە مەککە بۆ جێبەجێکردنی مەراسیمەکان؛ وەکو بەندایەتیەك بۆ اللە -عز وجل-. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئایا ڕێنیشاندەرت بم بۆ ئەو ڕێگایەی کە دەتگەیەنێت بە دەرگاکانی خێر وچاکە؟ ئەمیش بە ئەنجامدانی کردەوە سونەتەکان لەپاش جێبەجێکردنی فەرزەکان: یەکەم: ڕۆژووگرتنی سونەت، ڕێگرە لە تووشبوون بە گوناهەکان چونکە شەهوەت وئارەزوو دەشکێنێت، وهێزی لاشە کەمدەکاتەوە. دووەم: خێرکردنی سونەت؛ دەبێتە هۆی کوژاندنەوەی گوناهەکان لەپاش کردنیان ونامێنن وشوێنەواریان دەسڕێتەوە. سێیەم: شەونوێژکردن لە سێیەکی کۆتایی شەو، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئایەتەی خوێندنەوە: ﴿تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمۡ عَنِ ٱلۡمَضَاجِعِ يَدۡعُونَ رَبَّهُمۡ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ (16)فَلَا تَعۡلَمُ نَفۡسٞ مَّآ أُخۡفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعۡيُنٖ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (17)﴾ [سورەتی -السجدة-] واتە: ﴿تەنیشتیان دوور دەکەوێتەوە لە

جێگای خەوتنیان (واتە: لە خەو هەڵدەستن بۆ شەو نوێژ کردن -زیکر ونزا کردن وخوێندنەوەی قورئان-) هاوار ونزا لە پەروەردگاریان دەکەن بە ترس و هیواوە و لەو ڕۆژی و سامانەی پێمان داون دەبەخشن (16) پاشان هیچ کەس نازانێت چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشت دا کە هۆی) گەشبوونی چاوەکانن ئەم پاداشتە (دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردوویانە (17) پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئایا پێت بڵێم بنچینەی ئاین وپایەکەی کە لەسەری وەستاوە ولوتکەکەی چییە؟ موعاز -ڕەزای خوای لێبێت-ووتی: بەڵێ، پێم بڵێ ئەی پێغەمبەری خودا. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بنچینەی سەرەکی: ئیسلامە ئەمیش بریتیە لە دوو شاهێدیدانەکە، وبەهۆیانەوە مرۆڤ بنچینەی ئاین بەدەست دەهێنێت. وپایەکەی: نوێژکردنە، ئیسلام نییە ئەگەر نوێژکردن نەبێت، هەروەکو چۆن ماڵ بێ پایە دروست نابێت، هەرکەسێك نوێژ بکات ئاینەکەی بەهێز دەبێت وبەرز دەبێتەوە، ولوتکەی ئەم ئاینە وبەرزبوونەوەی: بریتیە لە جیهاد کردن، وکۆششکردن وهەوڵدان و جەنگان دژی دوژمنانی ئاین بۆ بەرزکردنەوەی وشەی الله. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئایا پێت بڵێم چی شتێك دەبێتە هۆی باش ڕکێف وچاك جێبەجێکردنی ئەوانەی پێشوو؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زمانی گرت، وفەرموو: ڕێگری بکە لە ئەمە وقسە لە شتێکدا مەکە کە پەیوەندی بە تۆوە نەبێت. موعاز ووتی: ئایا پەروەردگارمان لێپرسینەوەمان لێدەکات وسزامان دەدات لەسەر ئەو شتانەی دەیلێین؟! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: لەباردایکت چویتایە! مەبەست نزاکردن نییە لەسەری، بەڵکو عەرەب ئەم ڕستەیە بەکاردێنن بۆ ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە شتێك کە دەبێت هۆشدار بێت سەبارەتی وبیزانێت، پاشان فەرمووی: ئایا خەڵکی فڕێ دەدرێنە نێو دۆزەخەوە و لەسەر ڕوویان دەکەونە نێویەوە مەگەر بەهۆی قسەکانی زمانیانیەوە نەبێت لەسەرەنجامی قسە کردنیان بە کوفر وناوزڕاندن وجوێن وغەیبەت ودووزمانی وبوهتان وهتد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66530